ZAGROS WEBSITE

# لەدۆزەخەوە بۆ بەهەشت

(مۆدێلی کۆمەڵگای سوید چۆن بنیاتنرا)

ناوی بڵاوکراوە :  کورتە داستانێکی مێژوویەکی مەزن

En liten berättelse om en stor historia (SAP 1889-1989)

وەرگێرانی لە سویدیەوە
بەکر حسەین :  ستۆکهۆڵم 18-07-2007 .

1- ئەم نووسینە لە ساڵی 1989 دا  نوسراوە , یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی پارتی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی سوید، لە بیرەوەری  سەد ساڵەیدا  ( 1889 – 1989) . تکایە تێبینی ئەوە بکرێت کە نوسینەکە سادەیەو  بۆ خەڵکانی سوید و بەتایبەتی جەماوەری پارتی سۆشیال دیموکراتی سوید نوسراوە، بۆیە زۆر کورتە و زۆر لایەنی تری ئەزموونەکە ، کە لە سویددا زۆر ئاشکرایە ،  لێرەداباسی نەکراوە. ئەم نوسینە وەک ئاوردانەوەیەکە لە رابوردووی سەدەیەک لە مێژووي پارتیەکە و دەوری لە بنیاتنانی مۆدێلی کۆمەڵگای سویددا . ئەگەرچی لەوە بەدواوە تا ئێستا ، ئەزموونەکە  گۆررانی تری بەسەردا هاتوە . بەڵام من لێرەدا دەقەکەم وەک خۆی وەرگێراوە ، ئەوەنەبێت هەندێک زاراوەی تایبەتی سیستەمەکەم بە کورتی رونکردۆتەوە.
2- لە کۆتایی نوسینەکەشدا هەندێک سەرنج یان تێبینی خۆم نوسیوە لە سەر هۆی وەرگێرانەکەی بۆ کوردی.

## 1

" ڤیلهێلم مۆبێری"  لە یەکێک لە کتێبەکانیدا دەگێرێتەوە دەڵێت: لە سالآنی  1200 دا پێنج یەکێکی دانیشتوانی سوید  کۆیلە بوون ، بەگوێرەی ئەوە، زۆر لە ئێمە نەوەی کەسانێکین کە خاوەنەکەی ئەگەر بیویستایە توانیویەتی بیکرێ و بیفرۆشێت ، بیکوژێت ، یان گوێی ببرێت!
دوای بە مەسیحی بوونی خەڵکەکە ، زۆر خاوەن کۆیلەکان لە سەرەمەرگدا کۆیلەکانیان ئازاد کرد بە وهیوایەی ئەوە زامنی ئەوە بێت کە خوا بەهەشتیان بە نسیب بکات .
بەڵام هۆی کەش هەبوو بۆ کۆتایی هێنان بە سیستەمی کۆیلەیەتی . لەباری ئابووری یەوە زۆرتر لە قازانجی ئاغاکان بوو کە لەکاتی پێویستی و دروێنەدا خەلک دامەزرێنن و کە پێویستییان نەما دەریان کەن .
هەروەک چۆن کە زۆربەی ئەوانەی ئەم کتێبە دەخوێننەوە لەنەوەی کۆیلەکانن.  بە هەمان دڵنیاییەوە ژمارەیەکی زۆرمان ، باپیرانی وای هەبووە کە مافی دەنگدانیان نەبووە ، هی وا کە پێویست بووە رۆژی بەلای کەمەوە 12 سات لە رۆژێکا کاربکەن بە مووچەیەکی وا کەم کە بە دەگمەن خێزانەکانیان تێرکردبێت ، هی وا کە ناچار بووبن کرێیەکی زۆر بدەن بە خاوەن کارەکەیان بەرامبەر لانەیەکی زۆر خراپ. باپیرانی وا ، کە زانیویانە ئەو رۆژەی توانای کاریان نامێنێ ، لە خانووی هەژاراندا دەگیرسێنەوەو بە بێ نرخی ژیانیان کۆتایی دێت.

## 2

ئەو کاتە زۆربەی خەلک گوزەرانی وابووە . لەو هەل ومەرجەدا لە بەهاری 1889 دا بوو کە پارتی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی سویدی لە بارەگایەکی تەسکدا لە ستۆکهۆڵم " شەقامی تونێل ژمارە 12" ( Tunnelgatan 12 ) دامەزرا. لە سەرەتاوە پارتی یەکە 3149 ئەندامی هەبوو (تێبینی : بزوتنەوەی سۆشیال دیموکرات لە چەند ساڵێک لەوەوپێشەوە هەبوو بەلأم وەک پارتیەک دانەمەزرابوو تا ئەوکاتە) .

لەوکاتەدا هەر وائاسان نەبوو کە یەکێک ئابوونەی خۆی بدات و ئەندامی ئەو پارتی یە بوایە .
ئەگەر خاوەن کار ئاگاداری ئەوەبوایە کە یەکێک سۆشیال دیموکراتە ، یان لەگەل سەندیکا(نەقابە)
دایە ، مەترسی ئەوە هەبوو کە لە کارەکەی دەریکردایە . ئەوکەسەش کەلە کاردەرکرایە دەخرایە
لیستی رەشەوە بۆئەوەی خاوەن کارەکانی تریش داینەمەزرێنن.
ئەگەرچی کاتی کار لە رۆژیکدا 12-17 سات بوو، بارودۆخی کاریش خراپ و پیاوی بە هیلاک دەبرد،
بەلاّم ئەوە تەنیا زامنیەک بوو کە یەکێک هەیبوو ، بۆ بژێوی.
وە ک ئێستانەبوو کە کەسێک بچێتە بیرۆی کار ، کارتی بێکاری بۆ مۆر کەن و پارەی رۆژەکانی
بێکاری وەرگرێت. کاتێک منالّەکانی بێ خواردن بوونایە هیچ یارمەتی و خزمەتگوزاریەکی
کۆمەلایەتی نەبوو .
ئەو جۆرە خزمەتگوزاری و زامنیانە خەوبوون و تەنیا لە خەوی دەستەی یەکەمی سۆشیال
دیموکراتەکاندا هەبوون . ئەوانیش بۆ ئەوەی ئەو خەوانە بەدی بهێنن بۆکۆمەلّگا، زامنی و
بەرژەوەندیە کەسایەتیەکانی خۆیان خستە مەترسیەوە.

## 3

لەو کاتانەدا کەسێک بۆ ئەوەی بتوانێ دەنگ بدات دەبوو پارەدار بوایە. لە کۆمەلّگایەکدا کە
نەریتی وابوو بێت، چۆن وا بکرایە کە هەموان هەمان نرخ و هەمان بەهایان هەبوایە؟
بۆیە لە سەرەتاوە ، گرنگترین داخوازیەکانی سۆشیال دیموکراتەکان ئەوەبوو کە هەمووخەلّکی مافی
دەنگدانیان هەبێت.
ئەگەر تۆ ئەوەت ببیستایە کە چۆن خاوەن کارو دەسەلاتدارەکان و ئاغاکانی ئەو سەردەمە
دەربارەی مافی دەنگدان دوواون ، بڕوات بە گوێی خۆت نەدەکرد. بۆئەوەی رێ نەدرێت خەلکی
دەوریان هەبێت لە بریاردان دا کەچۆن ولاّتەکە بەرێوە ببرێت ، بیانوویان ئەوە بووە کە گوایە چۆن
دەبێت کرێکاری نەخوێندەوار بێنە پەرلەمانەوە. بەلاّم کرێکاران دەستیان کرد بە یەکگرتن،
سەندیکایان دامەزراند، لەوەزیاتر هەژارەکان بەتەنیا نەمانەوە ، دەولّەمەندەکان بۆیان نەکرا
تاسەر رێگایان لێبگرن. کرێکاران بە یەکگرتنیان هێزو توانایان بە یەکتری دا و لە کۆتاییدا
(سالّی 1896) کاتێک کە سۆشیال دیموکراتی ، حەوت سالّێک بوو دامەزرابوو ، یەکەم سۆشیال
دیموکرات گەیشتە پەرلەمان ، کە ناوی "یەلمار برانتین " (Hjalmar Branting ) بوو.

## 4

لە هەلّبژاردنەکانی سالی 1911 دا "برانتین" لەگەلّ کۆنەپارێزەکاندا توانی (موساوەمە) رێکەوتنێکی
مامناوەندی بکات لە سەر ئەوەی کە هەموو ئەو پیاوانەی تەمەنیان گەیشتبووە 24 سالّ ، بتوانن
دەنگ بدەن بۆ هەلّبژاردنەکانی هۆلی دووەمی پەرلەمان کە بەشێک بوو لە پەرلەمان . بەلاّم بۆیان
نەبوو دەنگ بدەن لە هەلّبژاردنەکانی ئەنجوومەنی کۆمیون (شارەوانی ) یەکاندا.
تا ئەوکاتەش ژنان بۆیان نەبوو دەنگ بدەن. بەلاّم ئەم رێکەوتنە هەرچۆنێک بوو، گرنگی ئەوەی
تێدابوو ، ژمارەیەکی زۆر کە لە وانەبوون دەنگ بۆ سۆشیال دیموکراتەکان بدەن ئەو هەلەیان دەست
کەوت .
پیاو بەوەدا، وای دێتەبەرچاو کەخەلّکێکی زۆر بە وروژمەوە بەرەو سنووقەکانی دەنگدان بووبنەوەو.
بەلاّم ئەوە هەروا ئاسان نەبوو ، ئەو خەلّکە هەژارو شکستانە ، توانای ئەوەیان نەبوو بچنە

ZAGROS WEBSITE

کۆبوونەوەکان کە گوێ لە سیاسەت بگرن ، بە دەگمەن توانای کرینی رۆژنامەیان هەبوو.
ئەوەندە رۆژنامەش نەبوو کە بە باشی لەسەر سۆشیال دیموکراتەکان بنوسێ . چونکە نزیکەی هەموو رۆژنامەکان هی بۆرژواکان بوو . ئەوکاتەش وەکو ئێستا ژمارەیەکی زۆر هەبوو کە نەیان ویستوە هاوبەشی چالاکی سیاسی بکەن.
ئەم گیروگرفتە وەکو دەزانیت تا ئێستاش هەروایە ، هەموو پارتیەک دەبێ زۆر هەوڵ بدات بۆ ئەوەی خەڵکی دەنگ بدەن.

## 5

ساڵی 1914 خەڵکانی ئاسایی لە گوزەرانێکی سەختدابوون ، زۆر برسی بوون . کاتێ شەری جیهانی یەکەم هەڵگیرسا ئەوەندەی تر گوزەرانەکە خراپتر بوو ، بیزاری ونیگەرانی ئەوەندەی تر بوو.
کاتێک مرۆڤ بێزارو نیگەران بێت لە هەلومەرجێک ، یان گۆشەگیرو دوورەو پەرێز دەبێت و خۆی بە مافخوراو دێتە بەرچاو ، یان لە باتی ئەوە بیر دەکاتەوە لە چارە و، لە گۆررانێ پێویست و، لەوەی ئەو چی دەتوانێ بکات بۆ ئەو گۆررانە.
لاوە سۆشیال دیموکراتەکان وایان کرد. ئەوان بەناو کۆمەڵگادا گەران و باسی بیروباوەرەکانی سوشیال دیموکراتیان کرد لەگەڵ خەڵکیدا. باسی ئەو کۆمەڵگایەیان بۆ کردن کە ئامانجیانە بیهێننەدی .
کاتێک کە داخوازیەکانی چاکسازی دەهاتە پێشەوە ئەوان لە پەرلەماندا پرۆژەیان پێشکەش دەکرد.
ئەوانە ی خوارەوە هەندێکن لە پرۆژە سەرەتاییەکانی سۆشیال دیموکراتەکان :

- مووچە برینەوە بۆ کەم ئەندامان و پیرەکان ، لەباتی ئەو رەزالەتەی لە خانەی هەژاراندا هەیانبوو.
- داخوازی بۆ دیاریکردنی کاتی کار ، بە 8 سات لە رۆژێکدا ، لەباتی ئەوەی ، خاوەنکار بە ئارەزووی خۆی برياری ئەوەبدات.
- داخوازی بۆ زامن کردنی ئاستی کەمترین مووچە ، بۆ ئەوەی ، کە زامنێک هەبێت بۆ ئەوانەی بێکار دەبن ، کە نە چەوسێنرێنەوە بە هەموو شێوەیەک .
- مندالان نەچەوسێنرێنەوە ، بۆ ئەوەی بەکار نە هێنرێن وەکو هێزی کار.

## 6

هەڵبژاردنی ساڵی 1917 شکست بوو بۆ راسترەوەکان. ساڵی 1918 سۆشیال دیموکراتەکان توانیان دوو مەسەلەی سەرەکییان سەرخەن.
1- مافی دەنگدان بۆ هەموان و
2- دیاریکردنی کاتی کارکردنی رۆژانە بە 8 سات .

ساڵی 1920 یەکەم حکومەتی سۆشیال دیموکرات پێکهێنرا . لەوێوە کارکردن بۆ بنیاتنانی
**(کۆمەڵگایەکی بەختیار بۆ هەموان)**
دەستی پێکرد.

ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE

## 7

سۆشیال دیموکراتی و سەندیکاکان (نەقابە) تێهەڵکێش بوون بەزۆر شێوە. ئەوە بە زۆری جەماوەری سەندیکاکان بوو کە پارتەکەیان دامەزراندبوو ، دوای ئەوەش پارتەکەبوو ، کە ڕێکخراوی گشتی سەندیکاکانی ( LO ) دامەزراندبوو. ئەوە سەرەتای بزووتنەوەی کریکارانی سوید بوو. کە بەشێوەی خوارەوە لە چالاکیەکانیدا بەردەوامبوو:

کاتێک ئاردو نان بە ئاسانی دەست نەدەکەوت ونرخەکان هەر لە بەرزبوونەوەدا بوون ، کریکاران ئاردو نانەواکانیان کری و خۆیان باراشیان هاری و نانیان کرد. دواجار خۆیان خواردنیان دروست کردو فرۆشتیان لەو دوکانانەی خۆیاندا کە خاوەنداری هاوبەشی خۆیان بوو ، کە ئەوە زنجیرە دوکانە هەرەوەزیەکانی ( کۆنسیوم ) بوو.

کاتێک ناچاربوون کرێ خانویەکی گران بدەن بە لانەیەکی زۆر بێکەڵک ، کۆمپانیای هەرەوەزی ( HSB ) یان دامەزراند بۆ بینا کردنی خانوو بۆ ئەندامانی.

*(کە خاوەنداریەکەی بوو بە هی خۆیان) بەرامبەر بە برێ پارەی پێشەکی و کرێیەکی مانگانەی هەرزان بۆ نرخی بینا کردن و خەرجی خزمەتگوزاریەکانی ئەو خانوانە وەکو ڕێگاوبان و ئاووکارەباو زبڵ فرێدان و وزەی گەرمکردنەوەی ماڵ لە زستاندا و هۆڵی تایبەتی جل شتن بۆ هەمووگەرەک پر لە مەکینەی جل شتن و وشککردنەوە لەگەڵ خزمەتگوزاری دارودرەخت و چیمەن وپەرژین...هتد لە ناو گەرەکدا. (جگەلەوەی کە هەموو خانویەکیش(یان شوققە) لە سوید وەک ستاندارد ، ئاوی ساردو گەرمی تێدایەو موبەقەکەی سەلاجەو فرێزەرو تەباخ وسینک و دۆلابی سەرەوەو خوارەوەی تێدایە و بەلای کەمیشەوە پەنجەرەکانی خانوو، دوو شوشەن هەروەها مەخزەن و دۆلابی جل و بەرگیان تێدایە).*

کاتێک خەڵکی گەرەک هۆڵی گشتییان پێویست بوو بۆ کۆبوونەوە ، یان بۆ ، بۆنە کۆمەڵایەتیەکان ، بەڵام دەستیان نەدەکەوت لەبەر گرانی و یان لەبەر ئەوەی خاوەن هۆڵەکان نەیان دەدا پێیان. خۆیان <u>(مەڵبەندی گەرەک)</u> ەکانیان (FolketsHus ) بینا کرد.

کاتێک زۆربەیان ، بواریان نەبوو کە بخوێنن ، یان توانای ئابورییان نەبوو ، هەڵسان بە بنیاتنانی <u>"خوێندنگا باڵاکانی خەلک"</u> ( Folkhögskolor ) و <u>"مەڵبەندەکانی پەروەردەی کرێکاران "</u> (ABF ) یان بنیات نا .

لەوڕێبازەدا ئەوان تێبینیەکی زۆر گرنگیان کرد ، بۆیان دەرکەوت کە ئەوان بە و یەکگرتنە یان ، زۆر شتیان بەدەست هێنا کە هیچ کاتێک بە تەنیا نەیان دەتوانی پیێ بگەن.

## 8

ساڵی 1931 پێنج یەکی کرێکاران بێکار بوون ، بێکاری لەهەموو کاتێکی تر خراپتر بوو . بەهۆی ئەوەی نەک تەنها لە سوید ، بەڵکو لە هەمو ئەوروپاو ئەمریکاش ، نشێوی و گیروگرفتی ئابوری بوو. کۆمپانیەکان شکستیان خواردو بەشێکی زۆری دەوڵەمەندەکان پارەیەکی زۆریان زەرەر لێکەوت. کەسی تریش لەترسی زەرەری زیاتر ، نەی ئەوێرا کۆمپانیای نوێ دامەزرێنێ ، تا چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکرێت هەلی کاری نوێ برەخسێنێ .

لە کاتێکی ئاوادا، ئایا پیاو ئەیوێرا داوای  چ داخوازی وچ مافێکی تر لە کارگەکەی بکات؟
لەکاتێکدا کە ئەیزانی زۆر بە ئاسانی لە کار دەردەکرێت و یەکێکی تر لە جێی دائەنرێت.

ساڵی 1932 جارێکی تر حکومەت بووەوە بە سۆشیال دیموکرات . ئەم جارە وابو کە سۆشیال دیموکراتەکان  بەلای کەمەوە 44 ساڵ حکومرانی بکەن.
ئەرکی گەورە ئەوە بوو کە کار پەیدا بکرێت ، ئەو ئەرکەش بە شیوازێکی نوێی زۆر جیاواز لە شێوازی بیرکردنەوەی خاوەن ئاش و کانزاو فابریک و خاوەندارەکانی تر ، بیری لێکرایەوە و ، جێبەجێ کرا.

## 9

بەگوێرەی یاسا ئەرکی ئەوە خرایە سەر خاوەنداران ، کە لەوسامانەی هەیانە ، ڕێژەیەک باج بدەن.
ئەو پارەیە بەکارهێنرا بۆ قەرزدان بە ئەو چالاکیانەی کە هەلی نوێی کارکردنی بۆ کرێکاران دەرەخساند . سەرەرای ئەو نشێویە ئابوریە ، دەست کرا بە وەی کە گوزەرانی ئەوانەی  لە نزمترین ئاستدا بوون ، چاکتر کرێت.  لە نیوان ئەوانەدا زیاترکردنی موچەی خانە نشینان و قەرزدانی هەرزان (بە ڕێژەی فایدەی زۆرنزم) بۆ خێزانە منداڵ زۆرەکان ، بۆ ئەوەی خانوی پێ دروست بکەن.

بۆرژواکان لایان وابوو کە ئەوە بێ مێشکیەکی تەواوە. لای ئەوان وابوو لە کاتی بێ پارەییدا ، پیاو دەبێت دەستی پێوە بگرێت . ئەیان ووت ئەم حکومەتە وڵات بەرەو هەرەسهێنان دەبات.

ئەوانە بە هەڵەدا چوبوون ، ئەو نەخشەیە تەواو کاری کرد ، بەو شێوەیەی بیری لێکرابووەوە.
کاتێک خەڵکانێکی زۆر فرسەتی کاریان بۆ رەخساو موچەیەکی باشیان وەرگرت ، ئەوان توانادار بوون کە ئەو بەرهەمانە بکرن کە خۆیان لە فابریکەکاندا بەرهەمیان هێنا بوو. کاتێک بەرهەمەکانیش فرۆشران کۆمپانیاکان گەشەیان کردو کاری زیاتر پەیدا بوو.
لە کاتێکدا کە ساڵی 1932  ڕێژەی بێکاری  26% بوو ، ساڵی 1937  ڕێژەکە تا ئاستی 5% نزم بووەوە.
ئەوە یەکەم جار بوو کە سۆشیال دیموکراتەکان  تیۆریە ئابوریەکان تاوتوێ (پراکتیزە) بکەن.
دوای ئەوەش زۆر جاری تریش ئەومێتودەیان دوبارە کردەوەو هەموو جارێکیش هەمان مەبەستی هەبوو ، ئەویش ئەوەی کە خەبات بکەن دژی  "**هەژاری**" و بۆ بەرەنگاری  "**بێدادی**".

## 10

کاتیک جەنگی جیهانی دوەم بەرپا بوو ، بەربەرەکانی پارتە سیاسیەکان لەسەر ئەوەی لەناو سویددا کۆمەڵگا چۆن بێت ، بەلاوە نرا و دواخرا. ئێستا پێویستە هەموو پارتەکان ئاگاداری ئەوە بن و هاوکاربن لەوەدا کە وڵاتەکە رانەکێشرێتە ناو جەنگەکەوە.
بەڵام کاتێ جەنگ کۆتایی هات 1945 ، سۆشیال دیموکراتەکان  توانیان بەردەوامی بە خەباتیان بدەن دژی "**هەژاری**" .
هەندی لە و دروشمانەی خەباتکراوە لە پێناویاندا ئەمانە بوون:

- "هەژاری نابێ بمێنی"
- "دەوڵەمەندەکان دەبێت بەشی ئەوانی تر بدەن"
- " دەبێت هەلی کارکردن بۆ هەموان برەخسێت"

ZAGROS WEBSITE

- " هیچكەس نابێ مەترسی ئەوەی هەبێت كە خواردنی ڕۆژانەی نەبێت" یان پارەی نەبێت بۆ كرێ خانوو.
- " كارمەندان (موچەخۆرو كرێكاران) دەبێت لە ساڵێكدا 4 هەفتە پشوویان هەبێت" *(واتە لە كاتی 4 هەفتەی ئیسراحەتیشیاندا موچە ، یان كرێ ، یان مانگانەكانیان بەردەوام بێت)* .
- " هەموان دەبێت توانای ئەوەیان هەبێت كە لە نەخۆشیدا دكتۆر بچیتەماڵەوە بۆلایان یان ئەگەر وا پێویستی كرد لە خەستەخانەدا بكەون".
- " هەموان دەبێت لەكاتی دابرران لە كار بەهۆی نەخۆشیەوە ، و جگە لە خزمەتگوزاری تەندروستی ، قەرەبوی دەسكەوتی ڕۆژانەیان، بۆ بكرێتەوە" *(نزیكەی 80% ی ئەو ڕۆژانەیەی لە كاتی نەخۆشیاندا لە جێی كارەكانیان لێیان برراوە)* .
- " قەدەغەكرنی دەر كردنی ژنانی كارمەند لە كارەكانیان ، كاتی شوكردن یان كاتی منال بوونیان"

## 11

ساڵی 1948 هەموو دایكان لە سوید بۆ یەكەم جار موچەی یارمەتی منداڵانیان وەرگرت. بۆ زۆربەی ژنان ئەوە یەكەم جار بووە لە ژیانیاندا كە پارەی خۆیان وەرگرن . ئەو پارەیە تایبەت بۆ ژنان بوو ، پیاوان بۆیان نەبوو وەریگرن. ئەو یارمەتیە بۆ هەمو دایكان بوو "بە دەوڵەمەندەكانیشەوە" .

ئەو ناوو ناتۆرەی بە كەسێكی كۆمەڵگاكە بوترێ " هەژار" بەرە بەرە لە ناوچوو . ئەوە سەرەتای ئەو كۆمەڵگایەبوو كە لەوڵاتانی دەرەوەدا پێی دەوترا " مۆدێلی سویدی" .
ئەو بناغەو سەرەتایەی ئەو كۆمەڵگایەی لەسەر بنیات نرابوو ئەوەبوو:
" ئەوەی ئێمە هەمومان كاری بۆ دەكەین ، دەبێت هی هەمومان بێت و هەموشمان هاوبەش بین تییێدا".
تۆ دەبێت موچەیەكی وات هەبێت كە زامنی ژیانێكی شەرەفمەندانە بێت . بەڵام تۆ پێویسیشە باج بدەیت. پێویستە بەگوێرەی ئەوەی كە موچە ، یان دەسكەوتت چەند زیاتر بێت، ئەوەندەش زیاتر باج بدەیت. كاتیك هەلومەرج بۆ تۆ باش هەڵدەسورێت ، دەبێت بەشی ئەوانە بدەیت كە گوزەرانەكە بۆیان باش هەڵناسورێت ، بۆ ئەوەی كاتێك بۆتۆش خراپ بوو پێویست نەكات داوا لە خەڵكانی كە بكەیت یان سواڵ بكەیت . بەڵكو ئەو یارمەتیە وەرگریت كە پێویستت بێت.
تۆ نابێت هیچ كاتێك ناچاربیت سواڵ بكەیت ، یان داوای یارمەتی بكەیت ، نابێت هیچ كاتێك منەتباری خەڵكی بیت. لە كۆمەڵگادا هەموو مرۆڤێك دەبێت هەمان نرخیان هەبێت.

## 12

لەناوەراستی پەنجاكاندا خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هەموو دانیشتوانی سوید زامن كرا. جگە لە یارمەتی مانگانەی منداڵان *(كە دایكان وەریان دەگرت)* ، یارمەتیەكی تر بریاردرا بۆئەو دایكانەی كاتێك پێویست بوو لە كارەكانیان پشو وەرگرن بۆ ئەوەی لەگەڵ منداڵەكانیاندا بن ، وەكو سەرەتای منالڵ بوون ، یان كاتی نەخۆشییان و پێویستی تر، ئەم یارمەتیەش هەر دایكان وەریان دەگرت.
قوتابیان یارمەتی مانگانەیان وەرگرت و توانیان هەر مانگی برێك قەرزی هەرزانیش وەرگرن كە لە پاشەرۆژدا و دوای تەواو كردنی خوێندن هەركاتێك داستكەوتیان بوو ، بیدەنەوە.
كاتەكانی ئیش و كاركردن ، كەمتر كرایەوە و ، كاتی پشودان (بە مووچەوە) درێژتر كرایەوە.

ZAGROS WEBSITE

ئەزمونی مۆدێلە سویدیەکە زۆر بە خیراییی بینا دەکرا.
لە ماوەی 15 پانزەساڵدا ژیانی گەلی سوید بە شیوەیەکی بنەرەتی گۆررا. تومبیل پەیدا بوو. مەسافەکان کەمتر بوونەوە . ئەو خێزانانەی خزابوونە خانویەکی یەک یان دوو ژورەوە ، توانای ئەوەیان بوو ، نەک هەر بچنە خانویەکی گەورەتر، بەلکو زۆر خۆشترو بە ئیسراحەت تریش.
لە ساڵانی شەستەکاندا رێژەیەکی زیاتر مناڵ لەدایک بوون ، لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لە لادێکاندا دەژیان گواستیانەوە ناو شارەکان ، زیاتر و زیاتر خەڵکی توانای ئەوەو ، پێویستی ئەوەیان بوو ، کە خانوی فراوانتریان هەبێت . ئەوانە ، 3 سێ هۆ بوون ، بۆ ئەزمەی خانوو. لەوکاتانەدابوو ، لە ساڵی 1966 کە سۆشیال دیموکراتەکان پرۆگرامی دروستکردنی یەک ملیون خانویان کردە بەرنامە . ئەوان بەڵێنیان دا کە لە ماوەی 10 دە ساڵدا یەک ملیون خانوو بینا بکەن. (یەک ملیون ! ، هەر سالەی سەدد هەزار) ئەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆرە بۆ وڵاتێکی بچوکی وەک سوید. بەڵام ساڵی 1975 (واتە پێش ماوەی بەڵێندراو) ، وەزیری ئەوسای خانووبەرە کە ناوی "ئینگڤار کارڵسۆن" بوو ، بە شانازیەوە هەواڵی تەواو کردنی دواهەمین خانوی ملیونەکەی راگەیاند.

*(تێبینی : ئەم خانوانە بەڵێنی بۆش و زۆربێ و بۆربێ نەبوون. و پارەکەی گەندەڵی هەڵینەلوشی ، ئێستا و دوای 30 تا 40 ساڵ تێپەربوون بە سەر دروستکردنیاندا ، نمونەی خانوی باش و جێی سەرسورمانی ئەو میوانانەن کە لە کۆمەڵگاکانی دەرەوە دێن و دەی بینن ، و ئێمەش کە لێرە دەژین شایەتی زیندوین بۆی).*

ساڵانی شەستەکان (موناقەشە) مشتومرێکی زۆر هەبوو دەربارەی پشتیوانی لە گەلانی چەوساوە. بەشێوەیەکی تایبەتی لاوان سەرگەرمی ئەوە بوون. کاتێک خۆپیشاندان دەکرا دژی شەری ئەمریکا لە ڤێتنام ،" ئۆلوف پاڵمێ" لە پێشەنگی خۆپیشاندەرانەوە بوو. ئەوە سەرنج راکێشانێکی گەورەی هێنایەکایەوە. ئەوە یەکەمجار بو کە سوید لە روی زلهێزێکدا دەنگ بەرزکاتەوە.

## 13

لە ساڵانی حەفتاکاندا سۆشیال دیموکراتەکان و سەندیکای کرێکاران توانیان لە پەرلەماندابریارێک سەربخەن کە زامنیەکی زۆرتر بۆ " ژیانی کار" دابین بکات ومافێکی زیاتر بدات بە"کارمەندان" . بۆ نمونە:

- کۆتایی هێنان بە کاری کارمەندێک ، بە ئارەزو خواستی خاوەنکارەوە نەبێت هەرچۆنێکی بوێت وابکات ، بەڵکو رێورەسمی دیاریکراوی هەبێت.
- کارمەندان هاوبەش بن لە بریاردان لەسەر ئەو کارانەی بەئەنجامی دەگەیەنن.
- لە هەر کۆمپانیا، یان لە هەر کارگە یەکدا کە زیاتر لە 5 کارمەندی تێدا بێت ، دەبێت بەرپرسێکی سەلامەتی هەبێت ، کە دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت هەر کارێکی مەترسیدار بوەستێنێت.

ساڵی 1976 سۆشیال دیموکراتەکان دەسەڵاتی حکومرانیان دۆراند و پارتە بۆرژواکان حوکمرانیان کرد بۆ ماوەی دوو دەورە، (6) ساڵ .
کاتێک سۆشیال دیموکراتەکان گەرانەوە سەر حوکم ، سوید خرابوە ژێر باری قەرزێکی زۆر . ئابووری زۆر پەرێشان بوو. بێکاری زۆر بەرز بوو. ئەرکی ئەوسا ئەوە بوو چۆن وڵات لەو تەنگانەیە دەرهێنرێت بێ ئەوەی دەستکەوت و ئەو زامنیانەی لە مۆدیلی سویدی دا هەبوون کەم بکرێنەوە. سۆشیال دیموکراتەکان ئەمجارەش رێبازی خۆیان گرتەبەر بۆ دەربازبوون و هەڵسانەوە.

ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE

## 14

" سوید ولاتێکی نایابە و دەکرێت ببێتە بەهەشتێکی بچوک ، وە پێویستیشە ئەوە بکرێت"
ئەوەی سەرەوە نوسینی یەکێکە لە دەستە سەرەتاییەکانی ، بانگەوازکەرانی سۆشیال دیموکراتی ،
کە ناوی "ئۆگوست پاڵم" بوو ، کە لە نامەیەکیدا هاتوە ، ساڵی 1906.
ئەگەر ئەو بیتوانیایە ئێستا ئێمە ببینێ ، وای باوەردەکرد کە تا رادەیەک ئێمە بەو بەهەشتە گەیشتوین. بەڵام ئەو رەنگە پەنجەی ئاگاداری و سەرنج راکێشانیشی بەرزکردایەوەو بیوتایە : ئێوە خەریکن بەهەشتەکەتان تێک بدەن.
ئایا پێویستە ئێوە ئەو هەموو تومبیلەتان هەبێت کە بە بڵاوکردنەوەی دوکەڵی ئەگزۆزەکانیان گۆم و دارستانەکان تێک بدات ؟ ناتوانن هەندی جار پیاسەبکەن و ئەو زەهرەی کە فرێی ئەدەنە سروشتەوە کەمتر کەنەوە ؟
هەروەها بیوتایە : ئێوە زەویتان لە ئێمەوە بە میرات بۆ نەماوەتەوە ، ئەوە قەرزی (ئامانەتی) نەوەکانی داهاتوە لەلاتان.

## 15

ئاوا سۆشیال دیموکراتەکان بیر لە ژینگە دەکەنەوە.
هێزەکانی بازار (بازاری ئازاد) دەستێکی نهێنی نیە کە هەمو شتێک لێخورێت بەروباشترین.
ئەگەرواباوایە ئەبوو بۆ نمونە ئێمە خۆمان بمانتوانیایە بریار بدەین کە چی زیان بەخشە و، وازمان لە کرینی بهێنایە. بەڵام ئێمە چۆن بزانین کە چی زیانبەخشە لەم دونیا ئاڵۆزەدا کە بەردەوام تەکنیکی نوێ و مەوادی کیمیایی نوێ دێتەپێشەوە.
سۆشیال دیموکراتی بروای بە هێزەکانی بازار نیە . ئەوانە بە زۆر شێوە باشن بەڵام کەس ئەوەی لە بیرنەچێت کە بۆ ئەوان ئامانجەکە پارەیە نەکو سەلامەتی مرۆڤ و ژینگە.
بۆیە سۆشیال دیموکراتەکان ئەیانەوێت زیاتر هەنگاو بنێن و لە پێشتر بن لەزۆربەی ولاتانی تر ، بۆ ئەوەی بۆ پاراستنی ژینگە بکرێتە چ ئەرک و ، چ قەدەغەکردن هەبێت .
هیچ ولاتێکی تر بۆ نمونە (گازی فریۆن) ی قەدەغە نەکردوە یان بریاری ئەوەی نەداوە کە بەکارهێنانی هێزی ناوکی (نەوەوی) بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، هەڵوەشێنێتەوە.
ژینگەکەمان ئێستا لە مەترسیدایە و لەهەموو کاتێکی تر لە مێژوی زەویدا زیاتر هەرەشەی لەسەرە .
ئێمە پێویستە لەوە تێبگەین و ئەنجامەکانی رەچاوی بکەین.
با کارەبا ، بە گرانتر بکرین و پارەی زیاتر تەرخان کەین ، بۆ بەدوا گەرران و دۆزینەوەی میتودی نوێی ژینگە پارێز.
پێویستە لەسەر هەمومان زیاتر بیر لە ژینگە بکەینەوە. کاتێک لە دوکانەکان شت ئەکرین ، یان کاتێک زبڵەکانمان فرێ ئەدەین.

## 16

- ئێستا ئەوە ئاشکرایە ، کاتێک تۆ پیر دەبیت ، موچەی خانەنشینی وەردەگریت.
بەڵام کاتێک لە رابوردودا ، ساتی ئەوە بو کە گەورەترین چاکسازي ATP *(بەشێکە لە بەشەکانی موچەی خانەنشینی)* بەدي بهێنرێت ، سۆشیال دیموکراتەکان زۆر خەباتیان کردوە بۆ ئەوەی تۆ

بەوە بگەیت . بۆرژواکان زۆر بە توندي لە دژي ئەوەبوون. نەیان ئەویست خانەنشینی بۆ هەموان بێت. بەڵکو جۆرە خانەنشینیەکیان دەویست کە ناوییان لێنابوو " ئارەزوماندانە "، ئەوەی کە هاووڵاتي وەکو جۆرێک لە " زامني - تأمین" بە پارە بیکررێت ، هەرکەسە بە ئارەزوی خۆي و بە گوێرەی توانای ئابوری لە کاتي گەنجي و کارکردندا پارەبدات بە کۆمپانیایەکی تأمین و لە پاشەرۆژدا و لە پیریدا بەگوێرەی ئەوبرە پارەیەی داویەتی برێک خانەنشینی وەرگرێت ".
*( واتە کەمدەرامەتەکان نەتوانن وەک پارەدارەکان سودی لێ وەرگرن یان هەر هیچ سودێکی لێ وەرنەگرن).*

- ئێستا وایە ، ئەگەر تۆ نەخۆش کەویت ، ئەوە ، جۆري نەخۆشیەکەتە ، کە ئەوە دیاري دەکات کە چ جۆرە خزمەتگوزاریەکي تەندروستیت (بیمارسازیەکت) بۆ بکرێت ، نەک گەورەو بچوکی جزدانەکەت.
*(واتە هاووڵاتی هەمان خزمەتگوزاریت بۆ دەکرێت ، بێ گوێدانە کەمدەرامەتی یان دەوڵەمەندي)*
- کاتێک ژنێک منداڵی ببێت بۆی هەیە 12 مانگ پشوو وەرگرێت بە موچەي تەواوەوە. هیچ ولاتێکی تر زامنی وای بۆ دایک و باوکان نیە.
- لە ئەمریکا (USA) پیاو لێدوان لەسەر ئەوە دەکات ، ئایا 14 رۆژ پشوو وەرگرتن لە دوای منداڵبوون *(ئەگەرچی بێ موچەش بێت)* . پەسەند بکرێت و نەبێتە هۆی دەرکردن لە کار؟

- لە سوید ئێمە پێکەوە ، کەرتێکی هاوبەشمان بینا کردوە . ئەوە ، ئەو زامنیەمان دەداتێ کە ئێمە هەمومان تێیدا بەشدارین و مەسرەفەکەي دەکێشین و سودەکەشی بۆ هەموشمان وەک یەکە.
ئەو زامنیە ، کەس بۆي نیە لاي بات ، بەڵام سەرەراي ئەوەش زۆر شت هەیە کە پێویستی بە گەشەپێدان هەیە ئەگەر سۆشیال دیموکراتەکان بۆیان برەخسێت بریار بدەن و ئێستا کاتی ئەوەیە. ئێمە هەمومان ئەرکي نوێمان لەسەرە ، هەردو لایەن ، ئەوانەی لە کەرتي هاوبەشدا کاردەکەن و ئەوانەش کە سودي لێ وەردەگرن داخوازي ئەوەیان هەیە کە ئەو پرۆسەیە نوێکرێتەوە و گەشەي پێ بدرێت.

## 17

" هەمو مرۆڤێک هەمان نرخی هەیە"

لای تۆ وادیارە ئەوە سەلمێنراوێکی رون و ئاشکرایە . بەڵام ئەوە وا نیە . ئەو راستیە ، پێویستە هەمو رۆژێک تأکیدي لەسەر بکرێتەوە و هەمو رۆژێک بکرێتە جێي پرسیار. چونکە کۆمەڵگاکەمان لە گۆرراندایە ، بۆ نمونە بیر لە ژینگەي کار بکەرەوە ، بەردەوام مەوادی کیمیاوی نوێ و شێوازی کاری نوێ دێتە پێشەوە.
رەنگە زەرەر و ئازاری بربرەی پشت لە قورسایي هەڵگرتندا ئەنجامي ئەو کارە بووبێت کە دەساڵ لەمەوپێش پشتی دەشکاند. ئێستا کاری قورس وگران ئاسانتر بوە ، بەڵام چەندبارە بوونەوەی هەمان رۆتین (مۆنۆتۆن) هەمان مەترسی لەسەر تەندروستی هەیە.
هەندی کار ناوەرۆکێکی دەولەمەندتر ئەدات بە ژیان و هەندی کاری تر ژیان کورتتر دەکاتەوە. بەڵام کاتێک هەمو مرۆڤێک نرخی وەک یەکیان هەبێت هەمو کارێک خۆشترو مایەی گەشەکردن دەبێت . ئەوە ئامانجێکی سۆشیال دیموکراتەکانە.

## 18

" هەمو مرۆڤێک هەمان نرخی هەیە"

هەروەها مانای ئەوەی هەیە کە قوتابخانەکان دەبێت باشترکرێن و گەشەبکەن. ئەبێ باشتر رەچاوی تواناو لێهاتویی قوتابیان بکرێت و گەشە بکەن. ئەوە پێویستە چونکە لە پاشەرۆژدا زیاتریش پێویست دەبێت.

کەموزۆری زانیاری ، مرۆڤەکان لە یەکتری جیادەکاتەوە. ئەوەی زانیاریەکی باشتر بۆخۆی بەدەست دێنی ، تواناادار دەبێت کە ژیانێکی پرماناتر بژي .

زانیاری زۆر پێویستە بۆ ئەوەي پیاو لە کۆمەڵگا ئالۆزەکە تێبگات و بتوانێت سود لە هەمو هەلەکانی وەربگرێت.

لە خوێندنگاکانی پاشەرۆژدا ئەبێ هەموان بتوانن کە خۆیان پەروەردەکەن هەرکاتێک بیانەوێت. نەک هەر تەنیا کاتی لاوي بەڵکو بە درێژایی ژیان.

## 19

" هەمو مرۆڤێک هەمان نرخی هەیە"

بۆیە سۆشیال دیموکراتەکان لە سوید بەردەوام دەبن لەوەی کە

- بە زلهێزەکانی دنیا بسەلمێنن کە باشتر وایە دیالۆگیان هەبێت لە جیاتی پێکدادان.

-لێکۆلەرەوەکان مێشک و شارەزاییان بەکار بێنن بۆ ئەوەی لەوە تێبگەن ، چۆن مرۆڤایەتی ئەتوانێ بمێنێ نەک چۆن ئەتوانن یەکتری لەناوبەرن.

## 20

زۆری ماوە بۆ گەیشتنە بەهەشت ، رەنگە ئێمە هەر پێی نەگەین . بەڵام ئێستاش هەر هەمان گرنگی سەد 100 ساڵ لەمەوبەری هەیە :

- کە بزانین ئێمە بەرو کوێ ئەرۆین .
- کە بزانین چ ئامانجێکمان لەبەردەمدا بێت.

ئەمرۆ ئێمە رێگایەک دەبینین و دوای ئەوەی ماوەیەک دەرۆین دەگەینە دووریانێک کە ئەمرۆ نازانین چیە ، بەڵام ئەوکاتە پێویستە یەکێکیان هەڵبژێرین ، رێگاکە رون و دیاریکراونیە ، بەڵام ئەوەي هەموو کاتێک وەک یەکە ، ئامانجەکەیە.

************************************************************************************

کۆتایی ئەم بڵاوکراوە (ئەم کورتە مێژوە) بەم دێرانەی خوارەوە هاتوە:

مێژوی سۆشیال دیموکراتەکان ئەوە نیشان ئەدات کە چەند گرنگە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی خەریک و بە تەنگی سیاسەتەوە بێن.

تۆ یان سۆشیال دیموکراتي یان نا، ئێمە هیواداریین کە تۆ شارەزایي پەیدا کەیت و چالاک بیت لە سیاسەتدا. دیارە ئێمە پێمان باشە لەگەڵ پارتەکەمان یان لەگەڵ فیدراسیۆنی لاوانماندا بیت.

ئێستا بەشێکی زۆری سیاسەتی ساڵانی نەوەدەکان (واتە دە ساڵی دوای 1989 ) دائەرێژرێت وئێمە زۆرمان پێخۆشە کە هەندێک لە بیرو بۆچونەکانی تۆمان پێبگات.

تکایە بۆمان بنوسە بۆ ناوتیشانی خوارەوە:

Socialdemokraterna
10560 STOCKHOLM

لەسەر زەرفەکە بنوسە " ئەوبیرۆکانەی بەردەگرن"   Idéer som bär
کتێبەکەی  "ئینگڤار کارڵسۆن" بە ناونیشانی
ئەوبیرۆکانەی بەردەگرن   Idéer som bär
دەنێرین بۆ هەمو ئەوانەی نوسینمان بۆ دەنێرن

*******************************************************************************

تێبینی:

ئەو هۆیانەی وای کرد کە لام پێویست بوو ئەم کورتە مێژووەی خەباتی پارتی کرێکارانی سوید و بیناکردنی سیستەمی  کۆمەلگای سوید وەرگێرم بۆ کوردی چەند هۆیەک بوون کە هەندێکیان زۆر بە کورتی ئەمانەی خوارەوەن:

- ئەم باسە گرنگە بۆ پارتە سیاسیەکانی کوردستان و هەموو ئەوانەی لە کوردستاندا بە سیاسەتەوە خەریکن چ سەرکردەو سیاسەتمەداران و چ رۆشنبیران ، لە لێکۆڵینەوە و گەراندا بە دوای ئاسۆیەکی رونترو پاشەرۆژێکی باشتردا. بە تایبەتیش بۆ کادیرەکانی هەردوو یەکێتی و پارتی کە بەرپرسیاری سەرەکێن لە چۆنێتی ئەزمونەکەمان ، بۆ ئەوەی لە بەربەرەکانیکردنی گەندەڵی و بەرنامەی گەشەپێدان و چاکسازی کۆمەڵگاکەماندا ، سوود وەرگرن لە ئەزموونێکی سەرکەوتوو

- هەروەها بۆ پارتە سیاسیە کۆمیونیستەکانی کوردستان ،چ باڵە مامناوەندیەکان ، یان باڵە توندرەوەکان. کە بەراوردێکی ئەزمونە شکست خواردووەکانی تری وڵاتە سۆسیالیست و کۆمیونیستەکانی پێشو بکەن بەو ئەزمونە سەرکەوتوەی سوید ، وە لە بەر رۆشنایی ئەوەدا چاکسازی بکەن لە بەرنامەو بانگەوازەکانیاندا، بە جۆرێکی وا کە بتوانن خۆیان لە هەندێک ناوو دروشم و دۆگمای رابوردو رزگار بکەن وگرنگی زیاتر بدەن بە ناوەرۆکی بەرنامەکانیان و چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی . دە کریت ئەوانە خاڵی ناوکۆیی بن ، نەک هەر لە گەڵ لایەنەکانی تری بزوتنەوەی نەتەوایەتیدا ، بەلکو لە گەڵ کەسایەتی و لایەنە ئاینیە مامناوەندیەکانیشدا . لەم پلە مێژوییەدا ئەو یەکێتیە ناوخۆییەمان زۆر پێویستە . لە هەلومەرجی ئێستاماندا هەردو لایەنی عیلمانیش و ئاینیش پێویستیان زۆرە بە چاکسازی، بۆ ئەوەی بەرنامەی چاکسازی لە کۆمەڵگاکەماندا سەربخرێت.

- ئەم نوسینە هەروەها پێشکەشە بە گشتی بە هەمو کەسایەتیە ئاینیەکانی کوردستان و بەتایبەتیش بەو بەرێزانەی سەرکردەو جەماوەری رێبازی ئیسلامی سیاسی کوردن و شان بەشانی لایەنەکانی تر ئەرکی چاکسازی و گەشەپێدانی ئەزمونەکەمانیان لەسەرە . بۆ ئەوەی لە بەرنامەو هەلویستەکانیاندا ناوەرۆکی مرۆڤدۆستانەی  ئەو ئەزمونە سەرکەوتوانەی گەلانی تر رەچاو بکەن و لە راگەیاندنەکانیاندا، گیروگرفتەکانی ناو کۆمەلگاکەمان و  بێدادی و گەندەڵی ئەزمونەکەمان ، بە ئەنجام و هەڵەی سیستەمی عیلمانی دانەنین. تکایە تێبینی ئەوە بکەن کە عیلمانیەت سیستەمێکی سیاسی و ئابوری نیە بۆ کۆمەڵگا و مەبەست لە عیلمانیەت ئەوەیە کە لە کۆمەڵگادا پەیرەوی کردنی خواپەرستی وئەرکەکانی ئاین زۆر بە ئازادیەوە تایبەتمەندیەکی کەسایەتی بێت نەک تایبەتمەندی دەوڵەت و حوکمرانی . ئیتر دوای ئەوە دەشێت عیلمانیەت زۆر شیوازی جیاوازی حوکمرانی و سیستەمی جیاوازی چاک یان خراپی کۆمەڵگا بگرێتەوە (سویدو تورکیای کەمالی هەردەکیان عیلمانین بەڵام بە جیاوازی ئەرزو ئاسمانەوە) . هەروەک چۆن لە نمونەی حوکمرانی پارتە ئیسلامیەکانیشدا نمونەی جیاواز هەیە وەک سعودیەو تالیبان و نمونەی ئێران و هی تورکیای ئێستاش ، کە پارتێکی ئیسلامی ، پابەندی دەربریوە بە عیلمانیەتەوە و سەرکەوتوشە لە زۆر بواری

ZAGROS WEBSITE

چاکسازیدا. بەڵام سەرەرای ئەو جیاوازیانە ، لە دنیای ئێستادا وڵاتە دیموکراتیە راستەقینەکان (کە عیلمانیشن) ، لە رێزی پێشکەوتوترین کومەڵگاکانی دنیادان ، وە سود لێوەرگرتن لێیان مەرجی بنەرەتیە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان و دادپەروەرو خۆشگوزەران.

لە ئەزمونەکەی خۆماندا ، ئەگەرچی بانگەوازی زۆر دەکرێت بۆ دیموکراتی و عیلمانیەت، بەڵام سیستەمەکە عیلمانی نیە (هەروەک چۆن ئاینیش نیە) ، بۆ دیموکراتیش جاری زۆری ماوە . بە داخەوەو کەمو کوری و جیاوازی زۆرە لە نیوان واقیعەکەی و بانگەوازەکاندا. ئەو مەسەلەیە خۆی باس و لێکۆلینەوەی تایبەتی پێویستە . بۆیە ناوزراندنی عیلمانیەت بە بیانوی کەموکوریەکانی ئەزمونی هەرێم و دیاردە سەلبیەکانی کۆمەڵگا ، ناراست و نارەوایە . من هیوا دارم کە سەرکردەو کەسایەتیە ئاینیەکان بگەنە تێگەیشتنێکی وردتری وا لە سەری ، کە لە بەرژەوەندی سەقامگیری چاکسازی و گەشەکردنی کۆمەڵگاکەمان بێت . ئێمە پێویستمان بە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیە بۆ بەرنامەیەکی واقیعیانە(پراگماتی) بۆ گۆرران و چاکسازی کە هەموان تێیدا هاوبەش و هاوکار بن.

ئەم مێژووە دەربارەی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان و دادپەروەر، باسێکی تیوری وشک نیە کە تەنیا لە کتێبدا هەبێت و لە جیهانی راستەقینەدا بوونی نە بێت . داستانیکی ئەفسوونانەی ئەو مێژووە کۆنانە نیە کە هێزی سەرکەوتووی مێژوو نوسیبێتەوەو پەسەندی کردبێت .

ئەزموونێکی راستەقینەی کۆمەڵگایەکە کە من بەش بە حاڵی خۆم شایەتێکی زیندویم وزیاتر لە24 بیستوچوار ساڵی تەمەنی گەورەیم تێدا بەسەربردووە و هەر لە یەکەم رۆژانی ئاشنابوون بەم کۆمەڵگایە ، ئەوەی پێ سەلماندووم، کە ئەوە یەکێکە لە باشترین ئەزموونەکانی مرۆڤ بۆ بنیاتنانی ئەو بەهەشتەی کە لە سەر زەویدا بتوانرێت بنیات بنرێت .کۆمەڵگایەک ، کە بۆتە ئامانجی هەزارەها کەسانی لێقەوماوو بێدەرەتان و چەوساوەی دنیا و لە ناو ئەوانەشدا هەزارەها موسوڵمانان کە بە پەناهێنانیان بۆی ، ئەوەیان سەلماندوە کە ئەم کۆمەڵگا عیلمانیە ئەگەرچی دەسکردی مرۆڤە و بە گوێرەی یاسا وەزعیەکانە لە هەمو کۆمەلگا بەناو موسوڵمانەکانی تری دنیا موسوڵمان ترەو زیاتر ئازادی ئاینی و دادپەروەری و یەکسانی زامن کردووە. وە بەوەشدا کە هەر لە پێشکەوتن و سەرکەوتندایە ، لە باری سەرنجێ ئاینیشەوە دەشێت وا باوەر بکرێت کەئەم ئەزمونە رەزامەندی خودای گەورەشی لەسەر بێت . بۆیە ئەم ئەزموونە شایەنی ئەوەیە کە بۆ هەردوو لایەنی عیلمانی و ئاینیش جێی بایەخ و پەسەندکردن ، یان جێی لێکۆڵینەوە بێت . ئەزمونە عیلمانیە سەرکەوتوەکان ، گرنگیان لەوەدایە کە توانای لێ فیربوون و لاسایی کردنەوەیان هەیە ، هەروەها توانای گۆرین و گەشەپێدان و گونجاندنیان هەیە لەگەڵ کۆمەلگاو سەردەمی جیاوازدا. هیوادارم ئەم چەند دێرە رونکردنەوەیەک بێت بۆ ئەو پرسیارەی کە لە زۆر بوارو زۆر گیروگرفتدا ، لەبەردەمی داین: چارچییە ؟؟

ئەگەرچی بۆ سود وەرگرتن لە ئەزمونی سوید ، مەرج نیە ، کە دەقی ئەو ئەزمونە کۆپی بکرێت، چونکە ئەوەش بەندە بە زەمین و زەمانی خۆیەوە ، بەڵام بایەخی نەگۆر ، بۆ سود لێوەرگرتن لێی ، چاکسازیەکان و ئامانجەکان و شیوازی کارو خەباتی پارتی کریکارانی سویدە ، لە تێگەیشتن و مامەلە کردنیدا لەگەڵ کۆمەڵگاکەیان و ، لە شیوازی خەباتیان و هەروەها لە ئەو سەرەتایانەش کە بناغەی خەباتیان بوە و سیستەمی کۆمەڵگاکەیان لەسەر بنیاتناوە.

وەرگێرانی لە سویدیەوە
بەکر حسەین . ستۆکهۆڵم 2007-07-18
bakrhssain83@gmail.com

ZAGROS WEBSITE